بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی كوردستانی عێراق
سەرۆكايەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار
ژمارە (40) ساڵی 2007

**یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق)**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (24) لە20 /2007/11 بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە( 33 )ی ساڵی / 2007**
**یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق)**

**ماددەی یەكەم:**
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
یەكەم: شۆڕش: شۆڕشی ڕزگاریخوازیی كوردستان كە لە 1961/9/11دا هەڵگیرساوە.

دووەم: پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم): هەر کەسێك چوبێتە ریزی شۆڕشەوە و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بە شێوازی سیاسی و سەربازی تێکۆشابێ.
سێیەم: شەهید: ئەو پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم)ەیە کە لە کاتی شۆڕش ولە پێناوی دا شەهید بووە.
چوارەم:رێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەیە(زێڕەڤانی هەرێم).

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە کە بەشدارییان لە رێرەوە قارمانیەکەی بارزانی لە نێوانی سالآنی 1945–1958دا کردووە.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو کەسانە دەگرنەوە کە چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان تاوەکو 1991/3/5.

**ماددەی چوارەم:**

پلەو ئیمتیازاتی ویسام و نوت و مەدالیا ونیشانەو مەرجەکانی بەخشینیان بە پێشمەرگە بە یاسا دەست نیشان دەکرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو ماوەیەی کە (زێڕەڤانی هەرێم)لە ریزەکانی شۆڕشدا بەسەری بردووە بە خزمەتێکی کردەیی بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلە وخانەنشینی دادەنرێ.

**ماددەی شەشەم:**

ڕێزلـێنانی ئەو شەهیدانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لـە پێناوی شۆڕش و ئـەو پێشمەرگە کەمئەندامانەی دوای ئەو مێژووەی کە لـە ماددەی سـێیەمی ئـەم یاسـایەدا دیاری کراوە بە پێڕەوێکی تایبەت جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لـەسەر وەزیری پێشمەرگە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبـەجێ کردنـی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای ڕێزلـێنانی پێشمەرگە ژمارە(9)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێتەوەو ئـەم یاسـایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لـەگەڵ حوکمەکانی ئـەم یاسـایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لـەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسـایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**هەولێر**

6/**بەفرانبار**/ 2707 **کوردی**

27/کانوونی یەکەم / 2007 **زایینی**

18 /ذو الحجة/ 1428 **کۆچی**

## - هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -

لەبەر گرنگی ورۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و نرخدانان بۆ ئەرك و خەباتی قارەمانییان و بۆ ریزلێنان لە قوربانی دانەکەیان و ڕژانی خوێنی پاکیان لە پێناوی ئامانج و ئاواتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان و بۆ دەستنیشان کردنی ماف و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوییان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.